# چیرۆکەکانی موسڵ

کۆمەڵە چیرۆکێک دەربارەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی



# چیرۆکەکانی موسڵ

کۆمەڵە چیرۆکێك دەربارەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی

**بڵاوکار:**
.elbarlament e.V
Reuchlinstraße 10-11, 10553 Berlin, Germany
دامەزراوەی پایا
شەقامی شێرکۆ بێکەس ، 144. سلێمانی، عێراق
**بەڕێوبەری پڕۆژە:** ئەلیشا مۆڵتێر
**سەرپەرشتیاری گشتی:** شێروان خان
**نووسەران:** ئایە تەوتەنجی، ڕوپیندەر دالیوال، محمد عوسمان محمد
**سیناریۆ:** یاد دیین لەسەر ئەو چیرۆکانە نووسیویەتی کە لەلایەن: عومران عەدنان عاسوفی جابرۆ، سرور هیشام، محمد قصاب، مدحت عیماد محمد قەرەباش، فاضل عباس محمدنوور ئیسەمبوڵی، ئینسام سەلام ئیسماعیل ئەبوزێد، قوتەیبە حسین علی، وەلاء فارس تەها حەمدانی، تەحسین عەلی ئەحمەد خدر، لوبنا خالید ماتی سکت، یوسف بورهان شیهاب، دانی نەشئەت یوشۆ خوشابە، دالیا سەلاحەدین خالید، ئامێ ڕائید عەبدولکەریم یاکۆ، ئەیوب سالنوون، غوفران فارس و ضحی عەبدولقادرەوە کۆکراونەتەوە.
**نەخشەکێشان:** محمد عومەر و سەفین محەمەد
**وێنەکان و دیزانی بەرگ:** بەهرۆز جەزا
**چاپکردن:** کۆمپانیای تیشک بۆ چاپ، سلێمانی

ئەو بیروڕایانەی کە لەناو ئەم کتێبانەدان، مەرج نییە بۆچوون و بیروڕای دامەزاروەی ئەلبەرلەمان بن.

**ISBN:** 978-3-9823205-6-4

لەلایەن دامەزراوەی ئەلبەرلەمان 2024 و پایا، بڵاو کراوەتەوە.

ئەم کارە لەژێر مەرجەکانی Creative Commons مۆڵەتی پێ دراوە:
https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/deed.de

ئەم کتێبە لە چوارچێوەی کارەکانی پڕۆژەی «گێڕانەوەکانی موسڵ: دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگە لەڕێگەی هونەر و کولتوورەوە» نووسراوە. ئەم پڕۆژەیە لەلایەن دامەزراوەی ئەلبەرلەمان و پایاوە جێبەجێ دەکرێت و لەلایەن دەزگای کاروباری هونەری و دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵ و ڕێخکراوی ئارت پڵەس پشتیوانی دەکرێت.

ئەلبەرلەمان دامەزراوەیەکە بۆ بونیادنانی ئاشتی و بەهێزکردنی دیموکراسی و گرنگی تایبەتیش دەدات بە بەهێزکردنی توانای ژنان و گەنجان. ئەم دامەزاوەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی، لە چوار بواردا پڕۆژەکانی جێبەجێ دەکات کە ئەمانەن: هونەر و کولتوور، پەروەردەی شارستانی، ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا، ژن و ئاشتی و ئاسایش.

دامەزراوەی پایا، دامەزراوەیەکی ڕاوێژکارییە لە سلێمانی-عێراق، پایا پاڵپشتی ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و داهێنەرانە دەکات کە کار لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی پڕۆژە کولتوورییەکاندا دەکەن. پایا بەو ئامانجە دامەزراوە کە کۆمەڵێک پڕۆژەی داهێنەرانە گەشە پێ بدات و ڕاوێژیش پێشکەشی ئەو دامەزراوانە بکات کە لە عێراقدا کاری داهێنەرانە دەکەن، هەتاوەکو پەیوەندی و کاری هاوبەش لەنێوان داهێنەراندا سەرپێ بخات.

زانیاری زیاتر لەم دوو لینکەدایە:
www.elbarlament.org
www.paiaculture.com

Federal Foreign Office
elbarlament cultures of democracy
paia cultural development consulting
art

# چیرۆکەکانی موسڵ

## کۆمەڵە چیرۆکێك دەربارەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی

موسڵ دووەم گەورەشاری عێراقە و زۆر شتی لایە کە پێمانی بڵێت. لەگەڵمان گەشت بکە بۆ ناو چیرۆکە دەوڵەمەند و جۆراوجۆرەکانی موسڵ دەگەڕێینەوە بۆ هەزاران ساڵ مێژوو کە لەسەر زەوییەکانی دەوروبەری شاری نەینەوای سەردەمی ئاشوورییەکانەوە دەستی پێ کردووە، ئەو شارەی کە لە سەردەمی خۆیدا گەورەترین شاری جیهان بووە.

موسڵ، شاری دوو بەهار و هەرێمی نەینەوای دەوروبەری، بۆتەی هەموو شارستانیەت و کولتوورەکان بوون: عەرەب و کورد و ئاشووری و تورکومان و کاکەیی و جولەکە و یەزیدییەکان، هەموویان لەم شارە ژیاون.

لەم ساڵانەی دوایدا، دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام (داعش)، بە ڕاگەیاندنی ئەم شارە بە پایتەختی خەلافەتەکەی، موسڵی ناوزڕاو کرد، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە داعش لە موسڵەوە دیمەنی کاری دڕندانە و وێرانکاری و توندوتیژی و کوشتن و تەقاندنەوەی بە جیهاندا بڵاو دەکردەوە. لە سەدەمی داعشدا هەموو کارێکی کولتووری قەدەغە بوو، هەزاران مرۆڤی یەزیدی و کەمەنەتەوایەتییەکانی دیکە یان کوژران، یان کران بە کەنیزەک. ڕووخاندنی پەیکەری لاماسوو لەلایەن داعشەوە بە دڕێل و سوتاندنی کتێبخانەی موسڵ لە ساڵی ٢٠١٥، نیشانەی داڕمانی شارستانییەتی ئەمڕۆ بوو. بەپێی ڕاپۆرتەکانی UNESCO لەسەدا هەشتای ئاسەوارە کولتووریەکانی ئەو شارە لەژێر حوکمی داعشدا لەناو براون.

برینی خەڵکی پێکهاتە جیاوازەکانی موسڵ هێشتا بەقووڵی ماوەتەوە، بەڵام لەدوای ئازادکردنی موسڵەوە لە ساڵی ٢٠١٧، موسڵ وردەوردە لەو ڕۆژە ڕەشانە ڕزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە دۆخی خۆی و دووبارە دانیشتووانی موسڵ دەچنەوە دەرەوەی ماڵەکانیان و شارەکە بونیاد دەنرێتەوە. سەرەوەختێک موسڵ ناسرابوو بە شارە سەوزەکە و ئێستا خەریکە دووبارە گوڵەکانی دەخەملێتەوە و ژیانە کولتوورییەکەشی بۆ دەگەڕێتەوە. بونیادنانەوەی پەیوەندی لەنێوان پێکهاتەکانی موسڵدا، کارێکە کە برینەکانی موسڵ ساڕێژ دەکات و دەبێتە پایەیەک بۆ بونیادنانەوەی کۆمەڵگەکە. ئەو فرەڕەنگییەکی کە لەشارەکە و دەوروبەریدا هەیە، بابەتی ناو ئەم ڕۆمانە وێنەییەیە.

ئەم کتێبە لە چوارچێوەی پرۆژەی گێڕانەوەکانی موسڵدا نووسراوە کە پرۆژەکە لەلایەن فەرمانگەی کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵەوە پاڵپشتی دەکرێت. ئەم پرۆژەیە هەوڵێکە بۆ هاندانی پێکەوەژیان و دووبارە بونیادنانەوەی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەکە لەڕێگەی هونەر و کولتوورەوە. ئەم پرۆژەیە لەڕێگەی گێڕانەوەی کۆمەڵێک چیرۆک و شانۆیی بە بووکەڵەوە، دووبارە تۆڕی پەیوەندی لەنێوان خەڵکی موسڵ بەهێزتر دەکات، هەروەها بوارێکیش بۆ پێکەوەگرێدانی چیرۆکە مێژووییەکانی شارەکە دروست دەکات.

گێڕانەوەکانی ئەم ناو ئەم چیرۆکانە لە کۆمەڵێک ئەزموونی کەسی و گفتوگۆ و چیرۆکی کولتوورییەوە وەرگیراون و لەلایەن کۆمەڵێک لاوی تەمەن ١٨ بۆ ٣٥ ساڵەوە لە نەینەوا کۆ کراونەتەوە کە ساڵی ٢٠٢٣ بەشدارییان لە ۆرکشۆپێک لەبارەی گێڕانەوەی دەماودەمەوە کردبوو. ئەو گەنجانە کە لە کۆمەڵێک پێکهاتە و ڕووانگەی ئایینی جیاوازەوە هاتبوون، هەموویان پێکەوە لێکۆڵینەوەیان دەکرد و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی خۆیاندا دەکرد و چیرۆکەکانیان کۆ دەکردەوە.

هەنێک لە چیرۆکەکان شیاون بۆ شانۆگەریی بە بووکەڵە و هەندێکیشیان بۆ ئەنیمەیشن و ڕۆمانی وێنەیی. چیرۆکەکان لە گێڕانەوەی مێژووی کڵێسای ئەلتاهیرەوە دەست پێ دەکەن و دواتر دەچن بۆ نەریتی خاڵکوتین و کاری هاوبەشی ئایینەکان بۆ چاککردنەوەی منارەی حەدبای مزگەوتی گەورەی ئەلنووری لە موسڵ.

دامەزراوەی ئەلبەرلەمان و پایا زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەشداربووانە دەکەن کە زۆر بەکونجکۆڵی و دڵسۆزییەوە

کاریان کرد بۆئەوەی چیرۆکەکان بە ئێمە بگەیەنن. هەروەها سوپاسی تایبەتی فەرمانگەی کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵ دەکەین بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم پڕۆژەیە، هەروەها سوپاسی Art+ دەکەین بۆ چاپکردنی کتێبەکە.
لە کۆتاییدا، بەڵام سوپاسی بێکۆتایی بەهرۆز دەکەین بۆ کێشانی وێنەی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بۆ چیرۆکەکان، هەروەها بۆ ئەو نووسەر و وەرگێڕ و دیزاینەرانەی کە خۆیان بۆ ئەم کارە تەرخان کرد.
هیوادارین کە لەگەڵ ئێمەدا بەچێژەوە بەناو شەقامەکانی موسڵدا بگەڕێن، تاوەکو فرەڕەنگی ئەم شارە و ناوچەکانی دەوروبەری نەینەوا ببینن.

بەرلین و سلێمانی
ئەلیشا مۆڵتێر و شێروان خان

# خدر ئیلیاس (خدری زیندە)

خدر ئیلیاس یەکێکە لە ڕەمزە ئاینییە بەناوبانگەکانی عێراق بەگشتی و شاری موسڵ بەتایبەتی. لە تایبەتمەندییەکانی خدر ئیلیاس ئەوەیە نەمرە و لەکاتی پێویستدا دەردەکەوێت و هاوکاری خەڵک دەکات، هەروەها نوێنەرایەتی کاری باش دەکات. لەناو هەموو ئایین و ئایینزاکاندا بە شێوەیەک ڕێزی لێ دەگیرێت کە هەمووان پێکەوە یادی دەکەنەوە. چیرۆکی ئەم کەسایەتییە ئایینییە نموونەی لێکنزیکیی ئایینەکانە لەیەکدی، بەو پێیەش بیرۆکە سەرەکییەکەی خدر ئیلیاس کاری باشە، هەمووان بڕوایان پێیەتی.






جەژنی خدر ئیلیاس نزیکە و پێویستە ئامادەکارییەکان بکەین
بێخەم بە دایکە، هەموو شتێک ئامادەیە
ئەو جەژنە چییە؟ خدر ئیلیاس کێیە؟


هەموو ساڵێک لە ناوەڕاستی مانگی دوودا، دوای سێ ڕۆژ بەڕۆژووبوون، ئەم جەژنە دەگێڕین. ئەمە ڕۆژێکی تایبەتی ئێمەیە بۆ ڕێزگرتن لە کەلتوور و ئایینی خۆمان خواردن و شیرینی ئامادە دەکەین و دەچینە سەر ئارامگەی خدر ئیلیاس
ئەو کەسە لەلای هەموو ئایینەکانی دیکەش خۆشەویستە و لەهەمان ڕۆژدا یادی دەکرێتەوە. هەموو ئایینە جیاوازەکانی ئەم ناوچەیە بەژدار دەبن و دێنە سەر ئارامگەکەی


کەی مردووە؟
یانی داپیرە کەس هەبووە خدری بینیبێت؟
زۆر کەس دەڵێن خدر نەمردووە، ئەو لە کاتی کێشەدا دێتە ڕێی مرۆڤی باش و یارمەتیی دەدات، پاشان ون دەبێت


باوکی من بینیویەتی. ئەو لەگەڵ دایکم دوای چەند ساڵ چاوەڕێی منداڵیان کردووە هەر نەیانبووە، بەڵام ڕۆژێك پیاوێکی جل سپی نوورانی دەبینێت. پیاوەکە پێی دەڵێ مژدەم بەرێ بەم زووانە کوڕتان دەبێت. ئیتر دوای کەمێك کە ئاوڕدەداتەوە، پیاوەکە دیار نامێنێت. باوکیشم دەڵێ ئەوە خەیاڵ بووە
دوای چەند هەفتەیەک بۆی دەردەکەوێت دایکم سکی کردووە، دایکیشم دەڵێ ئەوە خدر ئەلیاس بووە
ئەم چیرۆکە لەلای ئایینەکانی دیکەش بە شێوەی جیاواز هەیە و خەڵک دەیگێڕنەوە
وەك کێ؟ زۆر حەزدەکەم چیرۆکەکان ببیستم


بەڕێز حەننا سوارچاکێکی کریستیانی ناوچەکەیە، دەڵێت لەکاتی سوارچاکی خەریك بووە بکەوێت، بەڵام پیاوێکی نوورانی یارمەتی داوە و دواتر ون بووە، هەروەها فاتیمە خانی بەرگدروو ژنێکی بەتەمەنی شارەکەیە، بە گەنجی کەسێکی بینیوە، پێی وایە خدر ئیلیاس بووە. دەڵێن جووەکانیش چیرۆکێکیان هەیە لەبارەی پێغەمبەرەکەیان کە خدر ئیلیاسی بینیوە!


من ئەو کەسانە چۆن ببینم؟
کچی خۆم لە ڕۆژی جەژنەکەدا شوێنکەوتەی هەموو ئایینە جیاوازەکان دێن و پیرۆزبایی لەیەك دەکەن دەتوانیت بیاندۆزیتەوە و پرسیاریان لێ بکەیت


هەموو ئایینە جیاوازەکانی ناوچەی تەلەعفەر
خۆیان بۆ یەکەم ڕۆژی ئەو جەژنە ئامادە دەکەن
با بڕۆین
درەنگە


TAXI










سڵاو بەڕێز حەننا، پیرۆزباییت لێ دەکەم، دەتوانیت ئەو چیرۆکەم بۆ بگێڕیتەوە کە خدر ئیلیاس یارمەتی داویت
سڵاو جەژنی تۆش پیرۆز بێت، بەسەرچاو
لە گەنجیدا سوارچاکێکی زۆر بەتوانا بووم، کەس نەیدەتوانی پێشبڕکێم لەگەڵدا بکات، ڕۆژێکیان لەکاتی ئەسپسواریدا جڵەوی ئەسپەکەم لەدەست دا و خەریك بوو بکەوم. دەمزانی ئەگەر بکەوم، بەدڵنیاییەوە توشی کارەساتێکی گەورە دەبم. لەو کاتەدا کەسێکی نوورانیی جلسپی بە ئەسپێکەوە لە پشتەوە گرتمی و منی خستە سەر پشتی ئەسپەکەی خۆی
کاتێك دایبەزاندم، ئاوڕم دایەوە تا بزانم ئەسپەکەم چی لێهاتووە، بەڵام کاتێک ڕووم کردەوە پیاوەکە سوپاسی بکەم، لە چاو ون بووبوو. ئێستاش ئەو کاتەم لەبیر ناچێت!
زۆر سوپاس بەڕێز حەننا بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەت


سڵاو بەڕێزم، بەڕێزت کوڕی فاتیمە خانیت؟
سڵاو خانم، بەڵێ چۆن یارمەتیت بدەم؟
چیرۆکی دایکتم بیستووە لەگەڵ خدر ئیلیاس، حەز دەکەم دایکت ببینم و بۆم باس بکات
دایکم بەردەوام باسی ئەو بەسەرهاتە دەکات، حەز دەکەم خۆشم گوێبیستی ببمەوە
دایکم ژنێکی تورکمانی موسڵمانی ناوچەکەیە، تەمەنی زۆرە و لە ڕابردوودا بەرگدرووییەکی بەتوانای شار بووە و ئێستا لەگەڵ ئێمە دەژی
فاتیمە خان، دەتوانیت ئەو بەسەرهاتەی خۆت لەگەڵ خدر ئەلیاس بگێڕیتەوە؟
دایکە گیان، ئەم خانمە بۆ لای تۆ هاتووە و حەز دەکات چیرۆکی خۆتی لەگەڵ خدر ئیلیاس بۆ باس بکەیت


مێردەکەم لە سەردەمی پادشاییەتیدا
لە سوپا بوو، چەند مانگ جارێك
دەهاتەوە بۆ سەردانمان. لەبەرئەوەی
من دوور بووم لە ئاوەدانی کەس
نەبوو یارمەتیمان بدات








سڵاوت لێبێت لە ڕێگەی دوورەوە هاتووم، ئاوم لێ بڕاوە، دەتوانیت جامێک ئاوم بۆ بهێنیت


بۆچی پەشۆکاویت


منداڵەکەم نەخۆشە و ناتوانم بیبەم بۆ پزیشك، چونکە نازانم چۆن منداڵەکانی دیکەم بەجێ بهێڵم و ناشتوانم پێکەوە بیانبەم و ئاگاداریان بم
لە باوکمەوە دروستکردنی ئەم دەرمانە فێر بووم، زۆر کەڵکم لێ بینیوە. لەبەرانبەر ئەو چاکەیەی تۆ لەگەڵ منت کرد، ئەم دەرمانەت پێ دەبەخشم. دڵنیام زۆر کاریگەریی دەبێت


ئەو شەوە خەو لە چاوەکانم نەکەوت، بەڵام بۆ سبەی کوڕەکەم تاکەی زۆر باش بووبوو،
دوای دوو رۆژ لە بەکارهێنانی دەرمانەکە، تەندروستیی کوڕەکەم ئاسایی بووەوە


بەڵام تاوەکو مێردەکەم گەڕایەوە و بۆم باسکرد هەر
دەترسام. بەڵام ئەو سوپاسی خودای کرد و وتی
ژنەکە ئەوە خدر ئیلیاس بووە.


ئێستا ماشەڵا کوڕەکەم
خاوەنی چوار نەوەیە و کوڕەکەی
ئەویش ژنی هێناوە


من دەچم بۆ ئارامگەکە
منیش دێم لەگەڵت


زۆر چیرۆکم بیستووە لە ئایینەکانی دیکەش، تەنانەت لای جووەکانیش بەسەرهات لەو بارەیەوە هەیە، بەڵام نازانم لە کێ بپرسم
دەتوانیت لە مامۆستا ئەحمەد بپرسیت، مامۆستای مێژووە لە زانکۆی موسڵ، ئێستا لێرە بینیم


سڵاو مامۆستا ئەحمەد ئەمە فەنارە، بەدوای زانیاریدا دەگەڕێت لەبارەی خدر ئیلیاسەوە
زۆرم پێ خۆشە کەسێک هەیە گرنگی بەو بابەتە دەدات


سوپاس مامۆستا ئەحمەد. دەمەوێت بەسەرهاتی جووەکان و خدر ئیلیاسەوە بزانم، دەتوانیت بۆم باس بکەیت؟


موسا سەلامی خوای لەسەر بێت، وتار بۆ گەلەکەی دەدات و ئامۆژگارییان دەکات، دواتر دەڕوات و یەکێک لێی دەپرسێت:
ئەی موسا هیچ کەسێک هەیە لە تۆ زیرەکتر بێت؟
نەخێر کەس لە من زاناتر و زیرەکتر نییە
خودا، موسا ئاگادار دەکاتەوە کە کەسێك هەیە لەو داناتر و زیرەکترە
کەسێک هەیە لە تۆ زیرەکترە، چۆن دەڵێی کەس لە من زیرەکتر نییە؟
ئەی پەروەردگار پێم بڵێ لەکوێیە و نیشانەیەکم بدەرێ بۆ ئەوەی بگەم بەو عەبدە
ئەو لە شوێنی بەیەکگەشتنی دوو دەریایە، ماسییەکی مردوو لەگەڵ خۆت ببە، لە هەرکوێ ئەو ماسییە زیندوو بووەوە، ئەو پیاوەی لە تۆ زیکرەترە لەوێیە


لێرە پشوویەک وەردەگرین، پاشان بەرێ دەکەوینەوە
ماسییەکە بێنە، با بڕۆین


ماسیەکە نەماوە


ڕێگام دەدەیت شوێن تۆ بکەوم، تاوەکو ئەو زانستە فێر ببم کە فێر کراویت؟ چونکە زانستێکە خەڵک بەرەو ڕێگای ڕاست و ڕێنموونی دەبات. تۆش هەندێک لەوە فێری من بکە و ڕێگام بدە شوێنت بکەوم
لەگەڵ من ئارام ناگریت، چونکە ناتوانیت خۆڕاگر بیت لەسەر شتێک کە شارەزاییت لێی نییە
پێم وایە ئەگەر فێرم بکەیت، ئارامیی لەسەر دەگرم و سەرپێچی هیچ فەرمانێکت ناکەم
بە مەرجێک دەتوانیت شوێنم بکەوێت، نابێت هەر شتێکت لە من بینی، پرسیارم لەبارەیەوە لێ بکەیت. دەستپێشخەری ناکەیت و بڵێیت بۆ وادەکەیت، پرسیارم لێ ناکەیت هەتا من خۆم پێت دەڵێم


تۆ کونت کردە بەلەمەکە بۆ ئەوەی خاوەنی کەشتییەکە و ئەوانەی لەگەڵی سەردەکەون نوقم ببن! بۆچی ئەوەت کرد؟ ئەوان چاکەیان لەگەڵ ئێمە کرد، بەڵام تۆ چوویت بەلەمەکەت کون کرد. کارێکی خراپت بەرامبەریان کرد


تۆ پەیمانەکەی خۆتت شکاند، من پێم گوتیت تۆ ناتوانیت خۆڕاگر بیت، بەڵام با حیکمەت و مەبەستی ئەوەت پێبڵێم کە بۆ کەشتییەکەم کون کرد
بەلەمەکە هی کۆمەڵێك کەسی هەژار بوو، تەنها ئەو بەلەمەیان هەیە و لە دەریایەدا کاری پێ دەکەن و بە کرێ خەڵک دەگوازنەوە. من ویستم کونی تێ بکەم، چونکە دوای ئێمە پاشایەك هەیە هەر بەلەمێکی چاك هەبێت، سەربازەکانی دێن و دەیبەن بۆ پاشا، من کونێکی بچووکم کردە ئەو بەلەمە، بۆئەوەی بەلەمەکەیان بەتەواوی لەدەست دەرنەچێت. زیانێکی کەمم لێدان، تاوەکو زیانێکی گەورە نەکەن


یانی ئەو پاشایە بۆ خۆی دەبرد
بەڵێ بۆ خۆی دەبرد، بۆیە هەرگیز لە ڕوواڵەتی شتەکان مەڕوانە
ئەمەش ئەو بەسەرهاتەی خدر ئیلیاس و پێغەمبەر موسایە، سەلامی خودای لەسەر بێت کە خدر دەیەوێت بە موسا بڵێت ئەوەی دەیزانین شەرت نییە ڕاست بێت


زۆر سوپاس مامۆستا بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی خدر ئیلیاس
دەبێ بچم بۆ لای خێزانەکەم و لەگەڵ ئەوان جەژنەکە بەسەر بەرم، چونکە ئەمڕۆ خێزانەکەمم نەبینیوە و هەر بەدوای زانیارییدا گەڕاوم





# حیکمەتی جوان

خاڵکوتین یەکێکە لە سیما کولتوورییە کۆنەکانی شاری موسڵ و لەناو زۆرینەی پێکهاتە و نەتەوەکاندا باوە. خەیا کچێکی ٢٠ ساڵەی کریستیانە و لەگەڵ دەستگیرانەکەی پلانی هاوسەرگیرییان هەیە. خەیا بەهۆی ڕووداوێکەوە جەستەی دەشێوێت و خەونەکەی لە لەناوچوون نزیک دەبێتەوە، بەڵام چەند ژنێکی موسوڵمانی شارەزا لە خاڵکوتین، هەوڵ دەدەن کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەن و خەونەکەی بهێنێتە دی.




خەیا کچێکی تەمەن ٢٠ساڵە، خۆی ئامادە دەکات بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری و زۆر دڵی خۆشە. لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاهەنگەکە ساز دەکرێت






کچە خۆشەویستەکەم
زۆر شانازیت پێوە دەکەم


خەیا گیان ئەوە چی ڕوویدا؟




ئەو ئاگرە چی بوو!
خەڵکی گوندەکە خێرا بۆ یارمەتیدانی ماڵی خەیا چوون


دەسگیرانەکەی دێت بۆ سەردانیکردنی و دەیەوێت لە تەندروستیی خەیا بپرسێت




بەخێر بێیت جۆرج
زۆر دڵم لای خەیایە
هیوادارم باش بێت


من ڕووخسارم تێکچووە، نامەوێت خۆمت پیشان بدەم
خەیا هیوادارم باش بیت. کاتێک هەواڵەکەم بیست یەکسەر هاتم


خەیا گیان خەمت نەبێت هەر چارەسەری دەکەین، تۆ بێهیوا مەبە
من پرسیارم کردووە، دەڵێن لە گوندێکی دراوسێمان چەند ژنێک هەن زۆر شتی لەو جۆرەیان چاک کردووەتەوە. دەچین سەردانیان دەکەین
جۆرج و دایکی خەیا دەچن بۆ گوندەکەی دراوسێیان و بەدوای ئەو ژنانەدا دەگەڕێن


بڵێیت بتوانن
چارەسەری خەیا بکەن
دەبێت هیوامان هەبێت، گرنگ ئەوەیە
تا چارەیەك نەدۆزینەوە، ناگەڕێینەوە


ڕووخساری کچەکەمان سووتاوە و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا هاوسەرگیری دەکات، ئێستا شەرم دەکات ڕووخساری خۆی دەربخات
فەرموو چیتان دەوێت؟


چیرۆکێکی ناخۆشە، بەڵام لەوانەیە بتوانین هاوکاری بکەین


بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە،
من دەبێت لەگەڵ هاوڕێکانم باسی بکەم.
سبەی وەرنەوە وەڵامتان دەدەینەوە
هەموو هیوامان ئێوەن
دەزانم بێهیوامان ناکەن


ئەو شەوە ژنەکان کۆبوونەوە و بیریان لە چارەسەرێک کردەوە
دەبێت بە کوتینی خاڵێکی تایبەت هەموو شوێن سووتاوییەکان داپۆشین
بەڵێ دەبێت ڕەنگێکی تایبەتی بۆ هەڵبژێرین


ژنەکان و جۆرج و دایکی خەیا بەرەوە ماڵەوە دەچن


چارەسەرەکەمان ئەوەیە دەبێت بە ڕەنگێکی جوان و نەخشێکی تایبەت شوێنی سووتاوییەکان بشارینەوە
ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە ڕووخساری زۆر جوان دەبێت



خەیا هەستە، ئەو ژنانەی گوندەکەی
دراوسێمان، چارەسەریان پێیە بۆت.
بەدڵنیانییەوە چارەسەرت دەکەن





من هیچ
ئومێدێکم نەماوە
خەمت نەبێت
کچی جوان






ژنەکان دڵنیایی ئەوە دەدەن بە خەیا
کە بە تاتۆ جوانیی بۆ دەگەڕێننەوە


هەر ئەو شەوە ڕەنگێکی ئەفسووناویی بۆ ئامادە دەکەن


ژنەکان دەست دەکەن بە خاڵکووتین
جۆرج و دایکی لە دەرەوەی
ژوورەکەی خەیا چاوەڕوان دەبن




هەمووان نزا دەکەن چارەسەرەکە سەرکەوتوو بێت


لە کۆتاییدا کاتێک بینییان نەخشەکان هەموو سوتاوییەکانیان شاردووەتەوە، هەمووان بە بینینی ڕووخساری کچەکەیان سەریان سووڕما




خەیا کاتێک ڕووخساری خۆی بینی، زۆر
دڵخۆش بوو، زۆر سوپاسی ژنەکانی کرد




له کۆتاییدا خەیا و هەموو ئامادەبووان، ڕۆژی
ئاهەنگەکەیان بە دڵخۆشیی بەڕێ کرد







# عەبودی

منارەی حەدبا لەناو مزگەوتی ئەل-نووری لە شاری موسڵ، بە یەکێک لە سیما گرنگە ئەندازیارییەکانی شارستانییەتی ئیسلامی لە شاری موسڵ دادەنرێت. مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەیەمی زایینی. عەبودی تەربوگچی بەننایەکی کریستیاَنی بەناوبانگی شاری موسڵە. لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستدا، منارەی حەدبا کوناودەر دەبێت و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە دەبێت، بەڵام تەنیا کەس بتوانێت ئەم منارەیە چاک بکاتەوە، وەستا عەبودییە. ئەم چیرۆکە باس لە پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزا جیاوازەکانی شاری موسڵ دەکات؛ باسی ئەوەی چۆن لە کاتی پێویستیدا سەرەڕای جیاوازیی ئایینیان، هاوکاریی یەکدییان کردووە.






مزگەوتی گەورەی ئەل-نووری لە موسڵ، لە سەدەی دوازدەی زایینی دروست کراوە و یەکێکە لە سیما شارستانی و مێژووییەکانی شاری موسڵ




ئەم مزگەوتە ناوەندێکی گرنگی فێرکاری و ئایینی و زانستی بووە




بۆچی تا ئێستا نەمبینیوە؟ دەبێت هەمووانی لێ ئاگاداربکەمەوە
ئەو کونە چییە بەڕاست


مێژووی ئەم منارەیە نزیکەی هەزار ساڵە، نابێت بهێڵم هیچی لێ بێت


هاوڕێیان منارەکە ڕووخاوە
بەڵی، ئەگەر نۆژەنی نەکەینەوە، بەم زووانە دەڕووخێت
جا ئەمە چۆن نۆژەن دەکرێتەوە؟


پێویستە وەستایەکی باش و کارامە بدۆزینەوە، چونکە کارکردن لەو بەرزییەدا ئاسان نییە
ئەگەر بڕووخێت کارەساتێکی گەورە دەبێت بۆ شاری موسڵ


مەگەر بەس وەستا عەبودی بەننا بتوانێت چاکی بکاتەوە
بەڵام ئەو کریستیانە، پێتان وایە کار لە منارەی مزگەوتدا بکات؟
من عەبودی دەناسم، دڵنیام دەیکات






37


وەستا خوا قوەتت بدات
سەلاموعەلەیک




عەلەیکە سەلام


وەستا گیان کارێکمان هەیە، هیوادارم هاوکاریمان بکەیت و دڵمان نەشکێنیت
ڕاستی، کەس لە جەنابتان بە شارەزاتر نازانین ئەو کارەمان بۆ بکات
وەستا گیان، منارەی مزگەوتەکەمان کونێکی گەورەی تێکەوتووە، ئەگەر فریای نەکەوین بەتەواوی دەڕووخێت
هەرچی بە من بکرێت لە خزمەتتاندام، بەسەرچاو
هیوادارم بتوانیت کار لە منارەکەدا بکەیت
بەسەرچاو، لای من هەمووی ماڵی خودایە، سوپاس کە پیتان گوتم، بەڵام دەبێت خۆم تەماشای بکەم، بزانم دەتوانم کاری تێدا بکەم




عەبودی چەندین ڕۆژ بیر دەکاتەوە لەوەی چۆن کار لەو بەرزییەدا بکات، چونکە کارێکی ئاسان نییە




٠سم
١سم
٢سم
٣سم
٤سم
٥سم
٦سم
٧سم
٨سم
٩سم
١٠سم
١١سم
١٢سم
١٣سم


عەبودی دەست دەکات بە داڕشتنی نەخشەی چاککردنەوەی منارەکە






عەبودی دەست دەکات بە دروستکردنی سندوقێکی تەختە، بۆ
ئەوەی بچێتە ناوی و بە پەت داببەزێتەوە بۆ ئاستی کونەکە


لەگەڵ دروستکردنی ئامێرەکاندا، شەنێکیش دروست دەکات، بەڵام خەڵکی نازانن ئەم شەنەی بۆ چییە








خەڵکی لە دەوری منارەکە کۆ دەبنەوە و سەرسام دەبن بەوەی چۆن عەبودی لەو بەرزییەدا سەرقاڵی کارکردنە


بەڵام خۆی دەزانێت چی دەکات


هیوادارم نەکەوێتە خوارەوە
ئەم ئیشە زۆر ترسناکە
وەستا گیان ئاگاداری خۆت بە
یاخوا لەشی ساغ بێت


عەبودی لەپڕ لە جووڵە دەوەستێت






وەستا زۆر بەکارامەیی بە شەنەکە مارەکە
دەکوژێت و فڕێی دەداتە خوارەوە


خەڵکەکە هێندەی دیکە سەرسام دەبن






دوای کارێکی زۆر، درەنگانێک عەبودی کارەکەی
تەواو دەکات و دێتە خوارەوە


خەڵکی بەخۆشییەوە چەپڵەی بۆ لێدەدەن
هەر بژی عەبودی
بەڕاستی کارامەیت


دەستت خۆش بێت وەستا گیان
بەڕاستی سەری ئێمەت بەرز کردەوە


وەستا ئەم چاکەیەمان هەرگیز لەیاد ناچێت
تەنیا کاری خۆمم کردووە و شەرەفمەند بووم  کارم لەم شوێنە پیرۆزەدا کردووە


بەڕێز عەبودی بەڕاستی بەهرەمەندی
بەبێ هاوکاریی ئێوە نەمدەتوانی تەواوی بکەم
وەستا عەبودی کارێکی ناوازەت کرد، هەر چەندێک دەڵێی، دەیخەینە سەر چاومان


من تەنیا پاداشت لە خاوەناڵ وەردەگرم، ئەمە ماڵی خودایە و ئەمەش لەنێوان خۆم و خودادا دەمێنێتەوە



# کڵێسای گەورەی ئەل-تاهیرە

کڵێسای گەورەی ئەل-تاهیرە یەکێکە لە دێرینترین کڵێساکانی عێراق، لە سەدەی یەکی زایینییەوە لە ناوچەی موسڵ دروست کراوە و ناوەندی شارستانییەتی ئاشوورییەکان بووە. گرنگیی ئەم کڵێسایە لەوەدا بووە، جگە لەوەی کە دامەزراوەیەکی ئایینی و پەروەردەیی و زانستی بووە، ناوەندێکیش بووە بۆ وەرگێڕانی فەلسەفە و زانست، بەمەش نەک تەنها بۆ کریستیانەکان، بەڵکو بۆ هەموو ناوچەکە گرنگ بووە. ئەم کڵێسایە چەند جارێک ڕووبەڕووی وێرانکاری دەبێتەوە، دواهەمین جاریش ئەوە بوو کە لە سەردەمی داعشدا سووتێنرا. دوای داعش بەهۆی پێگە و بایەخی کڵێساکەوە، جارێکی دیکە نۆژەن کرایەوە. خەڵکی ناوچەکە نەیانهێشتووە لە هیچ کاتێکدا کڵێساکە لە خزمەت بووەستێت.





ئایینی کریستیان لە سەدەی یەکی زایینیدا لە ناوچەی نەینەوا بڵاو دەبێتەوە کە پێشتر ناوچەیەکی گرنگی شارستانیەتی ئاشورییەکان بووە و چەندین بیروباوەڕ و نەتەوەی جیاوازی تێدا نیشتەجێ بووە




لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی
کریستیان، هەر لە سەرەتاوە کڵێسای
گەورەی ئەل-تاهیرە دروست دەکرێت







ئەم کڵێسایە، هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە کاریگەری لەسەر بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی کریستیان لە ناوچەکەدا هەبووە، هەروەها بووەتە ناوەندێکی بازرگانیی لەنێوان بەشەکانی دیکەی عێراق و موسڵ و بووەتە شوینی حەوانەوەی گەشتیار و کاروانچییەکان






هەروەها ئەم کڵێسایە بووەتە ناوەندێک بۆ زانست و وەرگێڕانی دەقە یۆنانییەکان بۆ سەر زمانی ئاشووری و عەرەبی و وەک دامەزراوەیەکی زانستی بەناوبانگ لە ناوچەکەدا، خزمەتی کردووە
Assyvia
greece


لە سەدەی دوازدەی زایینیدا کاتێک مەغۆلەکان
ناوچەکە داگیر دەکەن، کڵێساکە دەسووتێنن و
زیانێکی گەورەی بەر دەکەوێت




بەڵام گرنگیی ئەم کڵێسایە هۆکارێکە بۆ
ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا دووبارە نۆژەن
بکرێتەوە و ببێتەوە بە ناوەندێکی چالاکی
زانستی و بازرگانی










لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، لە ساڵی ١٧٤٤، کڵیساکە دووبارە نۆژەن دەکرێتەوە و گەورەتر دەکرێت

لەگەڵ گەورەبوونی کڵێساکەدا، ناوچەکەش
دەبووژێتەوە. گرنگیی کڵێساکە، یەکێکە لە
هۆکارەکانی ئەم بووژانەوەیە



لەساڵی ١٩٣٢ بڕیاری نۆژەنکردنەوە و فراوانترکردنی کڵێساکە درا و ئەمەش ١٥ ساڵی خایاند. لەدوای ئەم نۆژەنکردنەوەیە، کڵێسای گەورەی ئەل-تاهیرە، دەبێتە یەکێک لە کڵێسا گەورەکانی عێراق و ناوچەکە










ساڵی ٢٠١٤، داعش شاری موسڵی
داگیر کرد و چەندین شوێنی ئایینی و
شوێنەواری دێرینی ناوچەکەی خاپوور کرد


BOMB


چەکدارانی داعش ئەم کڵێسایەیان سووتاند و کتێبەکانیان دڕاند و هەموو پەیکەرەکانی ناوەوە و دەرەوەیاڵن شکاند، هەیوانی پشت کڵێساکەشیان کرد بە گۆڕەپانی جەنگ و وێرانکارییەکی زۆریان بەجێ هێشت







ساڵی ٢٠١٧، دوای ڕزگارکردنی شاری موسڵ،
کڵێسای گەورەی ئەل-تاهیرە بە هەوڵی خەڵک و
کەسانی خێرخواز و ڕێکخراوەکان، لە ماوەی چوار
ساڵدا، جارێکی دیکە نۆژەن کرایەوە














ساڵی ٢٠٢١، پاپا فرانسیسی ڤاتیکان، سەردانی
شارەکەی کرد و نوێژی بەکۆمەڵی لەگەڵ
کریستیانەکانی ناوچەکەدا کرد و نزای ئاشتی و
پێکەوەژیانی بێجیاوازی بۆ خەڵکی ناوچەکە کرد

# دابەزینی قەدەغە

هەندێک شوێنی شاری موسڵ بوونەتە چیرۆک لەلای خەڵک و چیرۆکەکان بە شێوەی جیاواز دەماودەم دەکەن و دەگێڕدرێنەوە. دانیشتووانی گوندی کرملیس کریستیانن، خەڵکی ناوچەکە باس لە بوونی جنۆکە و ڕۆحی مردووەکان لە گوندەکە دەکەن. ئەم چیرۆکانە چەند سەدەیەکە لەناو خەڵکی ناوچەکەدا دەماودەم دەکەن و بوونەتە بەشێک لە یادەوەریی گشتیی خەڵکی.




ئێوارەیەک لە شارۆچکەی کەرەملش


سەوزە و میوەی
تازەمان لایە


ئەوە بەتەنیا
چی دەکەیت


خۆزگە دەموچاوی
خۆت دەبینی
زۆر ترسام
جارێکی تر شتی وام
لەگەڵدا نەکەیت


قەڵەمەکەت کەوتە ناو عەرەبانەی سەوزەکەوە
ئەمەتان بەسەرەوە ناچێت


ئەو کاغەزە چییە بەدەستەوە، با بیبینم
ئەمە چیە؟ نەخشەی کوێیە


ئاشوور، بیستوومە
لە ماڵە چۆڵکراوەکاندا
گەنجینەی لێیە
بڕوا ناکەم، هێشتا بیر لەو
گوندە کۆنە دەکەیتەوە.
لە تارمایی و جنۆکە زیاتر
هیچی دیکەی لێ نییە
گەنجینە؟ بەڕاست
بڕوات بەو چیرۆکە
کۆنانە هەیە؟
ئاگات لێ بێت، زۆر بەو
نەخشەیەوە ماندوو بووم
دەمەوێت بە چاوی خۆم
بیبینم، بەڵام وەك
چیرۆکەکان بە شەو ناچم
باشە،
بەڵام دەبێت
ئاگادار بین
ئاشوور لایتێکی بچووک لە جانتاکەی پشتی دەردەهێنێت


مەراتەقتا


ئاگادار بە ئاشوور. کەس
نازانێت چی لە ژوورەوەیە




هیچی سەرەنجڕاکێشت دۆزییەوە؟
هیچی وا نا. تەنها هەندێك دراوی ژەنگاوی


پێت وایە خوارەوە چی لێیە؟
نازانم، من نامەوێت بچینە خوارەوە، بەڵام لە تەنیاییش دەترسم


ئەوە چییە؟
ئەمە ڕاستەقینەیە. ئێمە گەنجینەکەمان دۆزییەوە!
نازانم، بەڵام با لێرە بڕۆین!


دەرگەکە بکەرەوە!
ناکرێتەوە، گیر بووە
خێراکە ئاشور
ئەوە چییە؟


ئەوە چی ڕوو دەدات؟
دەبێت ئێستە لێرە بڕۆینە دەرەوە!




ئەوە چی بوو بەراست؟
نازانم، بەڵام پێش ئەوەی شتێکی خراپ ڕوو بدات، دەبێت لێرە بچینە دەرەوە


دەرگاکە ناکرێتەوە، چی بکەین؟
نازانم، بەڵام  بە هەر شێوەیەک بێت، دەبێت هەوڵ بدەین لێرە بچینە دەرەوە
دەبێت هەوڵ بدەین لە ژوورەکانی دیکەوە بچینە دەرەوە


ئەو سندوقە چیە؟
خۆزگە شتێکمان پێبووایە ئەو سندوقەی پێ بکەینەوە
ئەوە چیە؟ خۆی کرایەوە


ئەو ڕەشەبایە
لەکوێوە هات




ئەوە کێیە وێراویەتی بێتە ناوچەکەی منەوە؟
ت-ت-تۆ کێیت؟
من جنۆکەی ئەم خانووەم. ئێوە سنوورتان بەزاندووە و هاتوونەتە خانووەکەی منەوە
تکایە، مەبەستمان ئازاردانت نەبوو، تەنها هاتین تەماشا بکەین


ئێوە سنوورتان بەزاندووە، بۆ ئەوەش دەبێت سزا بدرێن
چ جۆرە سزایەك؟


هەردووکتان دەتانزانی نەدەبوو بێن بۆ ئێرە، بەڵام هەر هاتن
پەنجەرەکان داخران، ئێستا چۆن بچینە دەرەوە؟!
داوای لێبووردن دەکەین. تکایە ڕێگەمان بدە بڕۆین، هەرگیز ناگەڕێینەوە
بەڵێن دەدەین!


ئێوەی مرۆڤ هەرگیز لە
هەڵەکانتانەوە فێر نابن. دەبێت
هەندێك لە مەڕەکانتان بخۆم


دانیەڵ، بیرۆکەیەکم هەیە!
هەر بیرۆکەی تۆ بوو
ئێمەی گەیاندە ئێرە


بنوارە! کێڵگەکەمان دەبینیت لەوێ؟
دەتوانین ڕێککەوتنێک لەگەڵ جنۆکەکەدا بکەین
من؟ هەرگیز!
هێی لەگەڵ ئێوەمە


لێرەیت؟


ئەوە تۆ شێت بوویت؟!


دەمانەوێت ڕێککەوتنێکت
لەگەڵ بکەین


ئەو ڕانە مەڕە
لە دوورەوە دەبینیت؟
قسە بکە گوێم لێتە
دەیبینم، ئێ؟





ئەوە ڕانی منە
ئەوە ڕانی تۆ نییە
بەڵێ، هی منە. ئەگەر ڕێگە بدەیت بڕۆین، هەموو ڕانەکەت بۆ دێنم
بەمەرجێك، دەبێت یەكێكتان بمێننەوە
بەڵام من بەتەنها ناتوانم هەموو مەڕەکان بهێنم، دەبێت دانیەڵیش لەگەڵم بێت





خێرا! با بڕۆین
بە زووترین کات لەگەڵ ڕانەکەتدا دێینەوە


ڕزگارمان بوو
جارێکی دیکە هەرگیز
ئەوە دووبارە ناکەینەوە
دڵنیابە نایکەینەوە
تەماشا، ئەمانەم هێنا
بڕوات پێناکەم


ئەوە سەوزەفرۆشەکەیە،
با بچین بۆ لای


داوای لێبوردەن دەکەین بۆ دوێنێ، خاڵە
دوێنێ زۆر تووڕەتان کردم!
دەمانەوێت هەموو سەوزەکەت لێ بکڕین. هەر هەمووی
وادەزانن مناڵی دوێنێم؟
پێم گوتیت خاڵە. دەمانەوێت هەموو سەوزەکەت لێ بکڕین




ئەم پارەیە زۆرە
باقیتان دەکەوێتەوە
بۆ خۆتی
هەڵگرە




ئاشور بۆچی پارە
ئاڵتوونەکانت هێنا؟


لەمێژە جنۆکەکە ڕانەکانی
ئێمە دەبات، بەڵام چیتر نا!



# بەرەکەتی عەلا

لەناو کولتووری ئێزدییەکاندا لە سنجار، زۆرجار خەتەنەکردنی منداڵان بۆنەیەکی تایبەتە و بە ئەلکریف ناو دەبرێت، بۆنەکە بە شێوەیەکە کە کەسێک لە کولتوورێکی دیکەوە دەهێنن و لە کاتی مەراسیمەکەدا وەک باوکی دووەم منداڵەکە لە باوەش دەگرێت و دەبێتە باوکی سیمبولیی منداڵەکە. ئەم نەریتە هەر لە کۆنەوە گەنجەکانی وا پەروەردە کردووە کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ خێزان و نەتەوەکانی دیکەدا هەبێت. ئەمە یەکێکە لەو نەریتانەی کە ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا پەرە پێداوە.



گوندێکی ئێزدییەکان لە دامێنی چیای شنگاڵ




کوڕەکەمان زۆر جوانە،
شێوەی هەردووکمانی تێدایە


گرنگ ئەوەیە کە گەورەبوو
کوڕێکی باش بێت


بەڵام ئێستا دەبێت
ناوێکی بۆ بدۆزینەوە


بۆ دۆزینەوەی ناوێکی گونجاو، سەمیر و لەیلا دەگەڕێن و سەردانی دراوسێکانی گوندەکەیان دەکەن
مەلا گیان تۆ دەتوانیت ناوێکمان بۆ بدۆزیتەوە
ببورن من بڕواناکەم ناوێکی گونجاوم لەلا بێت
من ناو نازانم بەڵام ئەم شیرینییەتان دەدەمێ


بەخێربێن
هاتووین بۆ ناوێکی گونجاو دەگەڕێین، تۆ ناوێکت لایە بۆ کوڕەکەمان؟
بەداخەوە من لە ناونانی منداڵدا باش نیم، ناوی جوان نازانم


دوای گەڕانێکی زۆر، سەمیر و لەیلا دەگەڕێنەوە ماڵی دایکی لەیلا
دایکە هیچ ناوێکمان دەست نەکەوت، نازانین چی بکەین
ئەی بۆ سەردانی میکائیل ناکەن، پیاوێکی کریستیانە و بە ژیریی و میهرەبانییەکەی ناسراوە
دڵنیام هاوکارتان دەبێت
ئەوە بیرۆکەیەکی باشە


سەمیر و لەیلا بەپەلە ئەوێ
بەجێ دەهێڵن و ڕووەو ماڵی
میکائیل بەڕێ دەکەون
هیوادارم هاوکارمان بێت
بەخێر بێن فەرموون


کوڕێکی تازەمان بووە، هاتووین ناوێکی جوانمان بۆ بدۆزیتەوە
باشە بۆ ناوی نانێن عەلا؟ لە زمانی عەرەبیدا بە واتای باشترین و شاهانەیی دێت
وەڵا ناوێکی جوان و ماناداره



به خۆشحاڵییەوە ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من
کەواتە دەتوانیت ببیتە باوکی رۆحیی عەلا
کەواتە با شیرینییەکەی بخۆین


دوای چەند ڕۆژێک لە گوندەکە ئامادەکاری بۆ ئاهەنگی
سونەتکردنی عەلا دەکرێت. هەموو گوندەکە بانگهێشت کراون


بەخێر بێیت بەڕێز میکائیل، هیوادارم ئەم
بۆنەیە خانەوادەکانمان نزیکتر بکاتەوە
ئەی ئەگەر ئێوە منداڵتان ببێت
کەستان دۆزیوەتەوە بۆ باوکی دووەمی




زۆر شەرەفمەندم
بەم باوکایەتییە


زۆر دڵم خۆشە، ئەمڕۆ هەموو
بۆنەکە بەباشی بەڕێوەچووە
کچەکەم پیرۆزە، هیوادارم
هەر لە خۆشیدا بن








عەلا ساڵ لەدوای ساڵ گەورەتر دەبێت.
سەمیر و لەیلا دڵیان بە منداڵەکەیان خۆشە


نزیکایەتیی عەلاو میکائیل دەبێتە هۆی
ئاشنابوونی عەلا بە کلتووری کریستیانی


لە بۆنە کریستیانییەکاندا سرووتەکان دەڵێتەوە
لەناو بازاڕدا هاوڕێیەتی لەگەڵ
کلتوورەکانی دیکەدا دەبێت


عەلا لە قوتابخانە ئاشنایەتی لەگەڵ هەموو کلتوورەکانی دیکەدا دروست دەکات
لێرەوە عەلا بانگێشتی پێکەوەژیانیی هاوبەشی کلتوورە جیاوازەکان لە ناوچەی نەینەوا دەکات


هەوڵ دەدات دەربارەی کلتوورەکانی دیکە زانیاری وەربگرێت و ئاشنایان بێت
هاوڕێیان لە کۆنەوە لەم ناوچەیە، کلتوورە جیاوازەکان پێکەوە ژیاون، ئەمە گەورەترین سەرمایەیە بۆ ئێمە


دایکوباوکی عەلا زۆر دڵیان بەوە خۆشە کە کوڕەکەیان هۆشیارە و لە گوندەکەدا خۆشەویستە


لەدوای گەورەبوونی عەلا، گەورەی گوندەکە وەک هێمای گەورەبوون، پارچەیەک قوماشی ڕەنگاوڕەنگ لە دەستی دەبەستێت


ڕۆژێک عەلا گوندەکە کۆدەکاتەوە و سوپاسیان دەکات
لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئەوان ژیاوە و لەوانەوە زۆر شت فێر بووە
ماڵئاواییشیان لێ دەکات، چونکە
دەیەوێت گەشتێك بکات و ئاشنای
زیاتری کلتوورەکانی دیکە بێت




گەشتەکەی عەلا دەیبات بۆ چەندین شار و بازاڕی جەنجاڵ،
لەوێ ئاشنای ئاڵۆزی و ئاڵنگارییەکانی ناو عێراق دەبێت




عەلا لە هەر شوێنێک بێت هەوڵی بەهێزکردنی
لێکتێگەیشتن و هاوڕێیەتی دەدات


دوای چەند مانگێک، ڕۆژێک نامەیەکی
لە گوندەکەیانەوە پێ دەگات و داوای گەڕانەوەی
بۆ ئاهەنگی کریفی دراوسێیان لێ دەکەن


عەلا بە خێزان و ناسراوانی شاددەبێتەوە




عەلا چیرۆکەکانی گەشتەکەی بۆ دانیشتووانی گوندەکە دەگێڕێتەوە












عەلا لەگەڵ خەڵکی گوندەکە لە ئاهەنگی کریفی دراوسێکەیان سەما دەکات و دڵخۆشە بە گەڕانەوەی، بەڵێنیشی داوە بەردەوام بێت لە بڵاوکردنەوەی پەیامی پێکەوەژیان لەگەڵ کلتوورەکانی دیکەی ناوچەکە



# گای باڵدار

گای باڵدار یەکێکە لە سیما کلتووری و شوێنەوارییەکانی شاری موسڵ. ئەم جۆرە پەیکەرە لە شارستانییەتی میزۆپۆتامیاوە سەری هەڵداوە. لەدوای نەمانی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا ئەم پەیکەرانە دەکەونە ژێر زەوی و لەبیر دەچنەوە، بەڵام لە سەدەی بیستدا، لەڕێگەی شوێنەوارناسە ڕۆژئاواییەکانەوە دووبارە دەدۆزرێنەوە و لە عێراقەوە دەبرێنە مۆزەخانەکانی ڕۆژئاوا و نمایش دەکرێن. دوای داگیرکردنی شاری موسڵ لەلایەن داعشەوە، ئەم پەیکەرانە ڕووبەڕووی وێرانکاری دەبنەوە، بەڵام دوای ڕزگارکردنی شاری موسڵ، هەوڵی ئەوە دەدرێت کە دووبارە نۆژەن بکرێنەوە.




گای باڵدار یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شارستانیەتی ئاشوری بەتایبەتی
لە ناوچەی نەینەوا وەك ڕۆحێك بۆ پارێزگارکردن لە شارە و باڵەخانەکان دانراوە


گای باڵدار هێمای هێز و دانایی و بوێری و زاڵبوون بووە، ئاشوورییەکان لە دروستکردنی ئەم هێمایانەدا
تایبەتمەندی چەند ئاژەڵیان تێکەڵ کردووە و لە هەر ئاژەڵێك تایبەتمەندییەکیان وەرگرتووە




ئەم پەیکەرانە هێمان بۆ چەند هێزێك کە بەهەموویان کامڵبوون دروست دەکەن. گا بۆ هێز، هەڵۆ بۆ شکۆمەندی و مرۆڤ بۆ حیکمەت




پەیکەرەکان بەشێوەیەك دروست کراون  ئەگەر لە پێشەوە سەیری بکەیت، تەنها دوو پێ لە دۆخێکی وەستاودا
دەبینیت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ سەقامگیری و پتەوی، واتە شارستانیەتی ئاشوورییەکان پتەو و سەقامگیرە


یەکێك لە نهێنیە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم پەیکەرانە ئەوەیە کە لەبری چوار، پێنج قاچی هەیە. پێدەچێت ئامانج لەمە گەیاندنی پەیامێك بێت، لەو کاتانەی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشای پەیکەرەکە دەکرێت. کاتێک لە پێشەوە دەڕوانیت، گاکە هەستکردن بە شکۆمەندی دروست دەکات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە وا دەردەکەوێت کە گاکە لە جوڵەدایە و بەئاسانی دەستەمۆ ناکرێت


جۆری یەکەمی ئەم گایە بە (لەمەسو) ناسراوە کە نوێنەرایەتی ڕووخساری ئیمپراتۆر سارگۆنی دووەم پاشای ئیمپراتۆریەتی ئاشووری دەکات لە عێراقی کۆن و تەنها لە شاری خورساباد دروست کراوە




جۆری دووەمیش بە لاماسو ناسراوە کە نوێنەرایەتی ڕووی ئیمپراتۆر ئەشورنەسیرپاڵی دووەم دەکات کە پاشای ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بووە لە عێراقی کۆن و تەنها لە شاری کەلخو ”نمرود“ دروستکراوە




هەندێک جیاوازی لە نێوان قاچ، جەستە، تاج، سیماکانی دەموچاو، نینۆك، تەرازوو و سمێڵی گاکاندا هەیە




لەدوای نەمانی شارستانیەتی ئاشورییەکان، نەینەوا تاڵان کرا و کۆشك و دیوارەکانی گای باڵدار وردەوردە لە ژێر زەویدا نوقم بوون و دواجار بوونە یادەوەرییەکی لەبیرکراو


لەدوای کۆتایی سەدەی هەژدە، کاتێك عێراق دەبێتە شوێنی زۆرێك لە گەڕیدە و
ئەو شوێنەوارناسە ئەوروپییانەی کە لەگەڵ پرۆسەی کۆڵۆنیالیزمدا دێنە ناوچەکە




ئەو بازرگان، یان فەرمانبەرە حکومی و سەربازیانەی کە بەپاڵپشتی لەلایەن زانکۆ و پەیمانگا و مۆزەخانەکانەوە پارەیان بۆ دەدرا و دەنێردران بۆ توێژینەوەی زانستی، ئەو پارچە شوێنەوارانەیان دەکڕی یان دەبرد و دەیانگواستنەوە بۆ مۆزەخانەکانی ئەوروپا
Van
ASSYRIA
Nineveh


دوای ئەوەی لەلایەن دەستەی ئەمینداری مۆزەخانەی بەریتانیاوە، یەکێك لە دیارترین شوێنەوارناسەکان؛ ئۆستن هێنری لایارد (١٨١٧ - ١٨٩٤)ی ڕۆژهەڵاتناس و مێخناسانی بەریتانی کە لەپێشدا لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ کاری کردووە، ئەرکی سەرکردایەتی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە ناوچەی موسڵ پێ دەسپێردرێت



یەکەم پەیکەری گای باڵدار لە ساڵی ١٨٨٦ی زاینی دۆزرایەوە، دواتر چەند پەیکەرێك
لە شارەکانی دیکەی عێراق وەك نەینەوا و سەناحریب و ناوچەکانی دیکە دۆزرایەوە




لایارد، گا باڵدارەکانی لە نەینەوا و شارەکانی تری ئاشووری کە شوێنەوارە کۆنەکانی تێدا دۆزرایەوە، ناردە
لەندەن. ئەمڕۆ هەندێکیان لە مۆزەخانەکانی بەریتانیادا دەبینین و بەشێکی دیکەشیان بە مۆزەخانە
جیهانییەکانی وەك پاریس و نیویۆرك و شیکاگۆدا بڵاو بوونەتەوە، هەروەها لە مۆزەخانەی بەغدایش هەیە














له ساڵی ٢٠١٥، دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، گەورەترین زیان بەم گەنجینە شوێنەوارییەی ناوچەی نەینەوا گەیێندرا. لەناو ئەو پەیکەرانەی داعش تێکی شکاندن گای باڵدار بوونی هەبوو
لا إله إلا الله
الله رسول محمد


خۆشبەختانە دوای رزگارکردنی شاری موسڵ، پەیکەرێکی ڕاستەقینەی گای باڵدار، لە مۆزەخانەی بەریتانیاوە گەڕێنرایەوە بۆ عێراق



# کۆتا ڕۆژ

کاتێک داعش شاری موسڵ داگیر دەکات و زۆرێک لە خێزانەکانی موسڵ شارەکە بەجێ دەهێڵن، خەڵکێکی زۆر لە ژێرزەمینی خانووەکانی شارەکەدا خۆیان دەشارنەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر نایەنە دەرەوە. ئەم چیرۆکە باس لە سەدان ڕۆژ لە ژیانی خێزانێک دەکات کە بۆ خۆپاراستنیان لە جەنگی موسڵ، خۆیان شاردووەتەوە. چیرۆکەکە باس لە دڵەڕاوکێ و ترس و هیوای خێزانەکانی شاری موسڵ دەکات لە مانگەکانی کۆتایی ڕزگاربوونی شارەکە.




ساڵی ٢٠١٤، داعش شاری موسڵ داگیر دەکات


ئەم داگیرکردنە وای کرد، پێهاتە ئایینییەکان و ئەو خێزانانەی کە
کەسوکاریان لەناو سوپای عێراقیدا بوو، ناچاربن ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن
الله أكبر
الجامع الكبير النوري


ئێمە لە موسڵەوە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی عێراق و شام دادەمەزرێنین و لێرە بەدواوە قۆناغێکی دیکە لە جیهاد دەست پێ دەکات


ژیان لە شاری موسل دەگۆڕێت و هەندێک لە خێزانەکان
نایەنە دەرەوە، ئەگەریش بێن، دەبێت ژنان پەچە بپۆشن






دەبێت ئەمە بڕوخێنرێت، چونکە دژی نەریتی خەلافەتەکەمانە


زۆرێک لە پەرستگا و شوێنە مێژووییەکان ڕووخێنران


مۆزەخانەکان خاپوور و تاڵان کران و زۆربەی پەیکەرە کۆنەکانی شارستانیەتی
میزۆپۆتامیا شکێنران کە ئەمانە بەشێکی گرنگ بوون لە ناسنامەی شاری موسڵ








خێزانەکان مردووەکانیان لە نزیک
خۆیان، بەخاک دەسپێرن


دوای سێ ساڵ لە داگیرکاری، موسڵ ڕزگار کرا. ئەم خێزانە زیاتر لە ٢٠٠ ڕۆژە
لە ژێرزەمینێکدان و چاوەڕێی ڕزگارکردنی شارەکە دەکەن، بەڵام نازانن کەی






هەموو ئەوانەی خۆیان لە ژێرزەمینەکاندا شاردبووەوە؛ لەلایەک چاوەڕێی ڕۆژی ڕزگاری
بوون و لەلایەکی دیکەشەوە دەیانزانی داعش بەئاسانی شارەکە بەجێ ناهێڵێت














لەپڕ پاتری رادیۆکە لەکار کەوت و
پاتری دیکەشمان نەبوو


بەڵام برا بچووکەکەم کە خولیای تاقیکرنەوەی زانستی بوو،
ئیدی توانی ڕادیۆکە بە پاترییەکی جیاواز کارا بکاتەوە


چاككردنەوەی ڕادیۆكە لەو ڕۆژەدا، لە خۆشترین ساتەكانمان
بوو، چونكە ئاگامان لە دەرەوە نەمابوو




ڕزگاربوونی شارەکە نزیکە، تەنیا دان بە خۆتاندا بگرن و لە ژێرزەمینەکانتان مەیەنە دەرەوە




ئەو شەوە کەسمان تا بەیانی خەومان لێ نەکەوت، چاوەڕوانی
شەڕێکی سەختمان دەکرد. تا دەهات دەنگی جەنگ نزیکتر دەبووەوە






بەیانییەکەی کە هێشتا دەنگی تەقە هەر مابوو، بە ترسێکی زۆرەوە لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەمان دەکرد




خێزانەکان لە پەنجەرەکانیانەوە دەنوارِن و بەوریاییەکی زۆرەوە دێنە دەرەوە




خێزانەکان لە ژێرزەمینەکانەوە بەرەبەرە دەهاتنە دەرەوە و خەڵکی لەو ویرانەیەدا بەهیوایەکی نوێوە دەردەکەوتن. لەگەڵ ئەوەی شارەکە وێران بووبوو، بەڵام هەستی ڕزگاربوون هەمووی لەبیر بردبوونەوە


خەڵکینە بە هەوڵی شەهید و سەربازە ئازاکانمان ڕزگارمان بوو. شاری موسڵ هەڵدەستێتەوە و دەبێت هەموومان کاری بۆ بکەین





